# ئەسپرین ژنان لە جەڵتەی مێشك دەپارێزێت

ڕۆژی 14ی نۆڤەمبەری 2005 لە شاری دالاس ی ئەمێریکا کۆنفرانسێك ڕێکخرا .
لەوێدا توێژیارانی Duke University Medical Center ئەنجامی توێژینەوەیەکیان
پێشکەشکرد کە 95.456 نەخۆشی لە 6 کلینیکەوە لە خۆگرتبوو .
توێژینەوەکەی ئەوان دەیسەلمێنێت کە ئەو ژنانەی ئەسپرین یان خواردووە بە
ڕێژەی 24٪ مەترسی تووشبوونیان بە جەڵتەی مێشك کەم بۆتەوە وەلێ دەرمانی
نێوبراو هەمان کاریگەری لە سەر جەڵتەی مێشکی پیاو نییە .
ئەم توێژینەوە دەبێتە هۆی ورووژاندنی چەند پرسیارێك وەك : جیاوازی کاریگەری
ئەسپرین لەسەر ڕەگەزی نێرینە و مێوینە .
توێژیاران هیوادارن توێژینەوەی نوێ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بتوانن نهێنی ئەم
جیاوازییە بدۆزنەوە و چۆن دەتوانرێت ڕێژەی تووشبوون بە جەڵتەی مێشك
کەمبکرێتەوە .

**سەرچاوە**

1.www.dagensmedicin.se © 051129.